# "کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی فراوانی فەرهەنگییە" هونەرمەند حەمەڕەشید هەرەس بۆ هاوڵاتی .. ئا:ئاسۆ



بڕیار و ئەنجام، سەرینی باداری، بلیمەت، گۆڕ هەڵکەن، بازرگانی ڤینیسیا، ئوتێلی لانەوازان، نمونەی ئەو شانۆگەریانەن کە لەسەردەمی زێڕیندا هونەرمەندی شارنکار حەمەڕەشید هەرەس بەشداری تێدا کردوە، لە دیمانەیەکیدا بۆ هاولاتی ئەوە ڕادەگەیەنێت لەکاری شانۆینەوەستاوەو بەردەوامیشدەبێت **هەرەس:**

**هاوڵاتی:** حەمە ڕەشید هەرەس هەست بە دابڕان ناکات لە کاری هونەریدا؟ لە ساڵی 2002 کە شانۆیی بێفەرتان نمایشکرد هیچ کارێکی هونەری ترتان نەبووە؟

**هەرەس:** بەلای من و هەموو بینەرانی ئەو شانۆییەشەوە، (شانۆیی بێفەڕ) گوێزێکبوو زۆر قەزوانی گرتەوە، گوێزی لەوە گەورەتریشم پێیە، چاوەروانبن، گرنگ ئەوە نییە هەموو ڕۆژێك بێیتە سەر شانۆ، گرنگ ئەوەیە کە هاتی زرمەی لێ هەڵسێنیت.

**هاوڵاتی:** ڕات چۆنە بەرامبەر شانۆ لە کوردستان؟ ئەتوانین بڵێین شانۆ لە کلۆڵییەکی ترسناکدایە؟

**هەرەس:** گۆرکی پێش شۆرشی ئۆکتۆبەر (دایك) ی نووسی دوای ئەوە بە هەموو یەکییەتی سۆڤییەت کە حەفتا ساڵی خایاند نەیانتوانی بەرهەمێکی وەك دایك بهێننە ئاراوە، تۆ بڵێی ئێستا لە کوردستان لە بارستایی لانەوازان و میراتی و گوڵاڵەو هتد بێتە ئاراوە؟! ئەوانەی ئەو بەرهەمانەیان ئەنجامدا یان لەوێنین، یان نەماون، یان دەست و پا بەستراون، یان دەمچەورەو بۆ بە سوێرکردنی دەبات، هەموو تەقەلای بەعسی خوێنرێژ نەیتوانی شانۆ لاوازکات، بڵند کردنەوەی ئاستی شانۆ ئەمرۆ پێویستی بە هەنگاونانی دڵسۆزانەیە، دەمێکە هەست بە کۆمەڵێك مۆرانە ئەکەم، وا ئەمرۆ باڵادەستن و کەوتوونەتە کرمە ڕێز کردنی ڕەوتەکە، ئەوانە نەزمانیان زمانی شانۆیە، نە کلتوریان کلتوری شانۆیە، بۆ نموونە شانۆی شاری سلێمانی ئەبێت لە دەرهێنان و نمایش و تێکستەوە سلێمانییەك پێی هەستێت، من لە تەك برادەرانی هەولێرو کەرکووکدا نەشازم، هەرچییکەم لەئاستی بەرهەمەکەیان دێتە خوارەوە، معێدییەك ناتوانێت شێوەی بەغایی بەرجەستەکا، خۆ بە زۆر نییە، ئەوەی ئەچێتە سەر شانۆ ئەبێتە مامۆستای جەماوەر، کەچی شتی وا ئەبیستم قێز لە خۆیشم ئەکەمەوە، برۆن ڕیکۆردێك لەسەر مێزەکانی خواردنەوەیان دانێن، ئەوە شانۆیی و حەقیقەتەکەیانە، ئیتر پێویست بەوە ناکات بێن ڕێشاندەریی کۆمەڵبن، ێستا کاتی هەڵڕشتنی هەمووی نییە، با ئەمانە بمێنێت بۆ چەند نووسینێك لەمەولا دایئەبەزێنم.

**هاوڵاتی:** ساڵی 2004 کە گەرانەوە کوردستان، لە دیدارێکی ڕۆژنامەوانیدا وتبووتان کەس پێشوازی لێنەکردووم هۆکارەکەی چیبوو؟

**هەرەس:** با ئەم خاڵەتان بۆ پشت ڕاست بکەمەوە، وەك جەماوەر پێشوازیم لێکراوەو بە زیادیشەوە هەروەها وەك هونەرمەندە ڕەسەنەکانی هاوشانۆم عەبدولی حەمە جوان، تەها خەلیل، عەلی جۆلا،

زاهیر عەلی، کەمال دڵشاد، حیکمەت هیندی، حەمەی نێرگز، هەموو هونەرمەندە بەرێزەکانی کۆمەڵەی هونەرە جوانەکان و جەماوەری ڕۆشنبیران، بەڵام وەك ڕاگەیاندن کەس نزیکم نەکەوت، هۆکارەکەشی ئاشکرایە من بێم باسی سەوەری خۆم و ئەو برادەرانە بکەم و ناوی ئابروومەندانی ڕۆژانی ڕەش بهێنم و ناوی ئەوانەی تیا نەبێت کە ئێستا لەو ڕاگەیاندنەدا کار بەدەستن، چاکیشم ئەناسن هێز نییە پشیلەیەکم پێبکاتە شێر و لە بەرەنگار بوونەوەی دوژمنا دیومیان کە چۆن هەڵئەشاخێم و سڵناکەمەوە، ئا لەو هەڵوێستە تۆقیون.

**هاوڵاتی:** ئێستا دەسەڵاتدارانی کوردستان بایەخێکی زۆر ئەدەن بە نووسەرو ئەدیب و هونەرمەندانی بێگانەو بانگهێشتیان دەکەن بۆ کوردستان، تۆ چۆن لەم حاڵەتە دەروانیت؟

**هەرەس:** ئاخر وەك وتم ئەگەر دەمێکیان پاسوێر نەکرێت ئەوا هەوڵی چەورکردنی ئەدەن، دەمی بێگانەیان پاسوێر ناکرێت، هەرچەندە بێگانە دەمی سوێر بێت یان چەور، ئەو دوژمنەو پیاهەڵدانەکانیشیان هەر ئەکاتەوە داشۆرین.

**هاوڵاتی:** ڕای تۆ چییە لەسەر یەکگرتنەوەی ئیدارەکان لە کوردستان، ئەم یەکگرتنەوەیە ئەتوانێت کێشەکانی خەڵك چارەسەر بکات؟

**هەرەس:** جا یەکیانگرتۆتەوە؟ دیارە لەحیمێکی تازە بابەت پەیدا بووە، کوێرە چیت ئەوێت؟) کاکە گیان بەخوا من وەڵامی ئەم پرسیارەم لا نیەو بۆ ئەمەیان بمبەخشن.

**هاوڵاتی:** وەك نووسەرێك ئایندەی کوردستان ڕوو لە کوێیە؟ سەرکردەکانی ئێستای کوردستان لە ئاستی پێویستدان؟

**هەرەس:** ئایندەی کوردستان دەستەودامێنی نەتەوەکەیبووە، دۆستی کورد تەنها کوردە، ئێمە خاوەنی هیچ نەبووین ئەیانویست لە مێژوودا بمانسرنەوە، ئەمڕۆ کوردستان پێویستی بە شۆڕشێکی فراوانی فەرهەنگییە، ئەگەر دەسەڵاتیش نووستبێت با هەر کەسەو لەسەر ئاستی خۆی و بەش بە حاڵی خۆی ئەو شۆڕشە بەرپابکات، هەرکەسەو هەوڵبدات ناونیشانێك بە جێبهێڵا، ئەمەم زۆر جاریتر وتووە چونکە زۆر گرنگە، دەدەی ڕوو لە بەرهەمهێنان بکەن، با هەر بە کاربەر نەبین، کوردستان ئەو مریشکەیە هێلکەی زێر ئەکات با سەری نەبرین بە تەماعی ئەوەی ناوسکی هەمووی زێرەو قور بۆ خۆمان بگرینەوە، ئەمە سەرەتای نەگبەتی نەبێت ئەی چیە کەکار بەدەستێك بێتە سەر تەلەفزیۆن بڵێت"من دز نیم و نەشتوانێت بیسەلمێنێت" لە هەمووشی گرنگتر ئەوەیە با بە ئامارەوە لێدوان بکرێت و بە پێچەوانەی ویستی زۆربەوەو بە دەمیانەوە قسەنەکەن ئەمڕۆ ڕاگەیاندن چەندە لەژێر کۆنترۆڵی ئەوانە، دە ئەوەندە بەهۆی ئەنتەرنێتەوە لە ژێر کۆنترۆڵی دەستەمۆ نەکراوەکاندایە، با بەس بە درۆبخرێنەوە، ئاخر نازانن لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆمپیوتەر ئەبێتە گەورەترین سەرچاوەی ڕاگەیاندن و وەرگرتنی هەواڵی ڕاست و نووسینی نیشانشکێن.

**هاوڵاتی:** خەڵکانێکی زۆر لە بوارە جیاجیاکاندا لە دەرەوەی وڵات ئەژین، کوردستان پێویستی بەم خەڵکانە زۆرە بۆچی ناگەرێنەوە؟

**هەرەس:** زۆربەی ئەوانەی لە دەرەوەی وڵات ئەژین لەم هەلڕ و مەرجە و لەم ڕەوشەی ئێستای کوردستاندا هاتوونەتە دەرەوە، جا کە ڕەوشەکە هەر مابێت هاتنیان لەچی و گەرانەوەیان لەچی، من وەك دانیشتوویەکی کەنەدا ئەدوێم پێش ساڵی 1991 ئەو کوردەی لەوێ بوون ئێستا وەك ئاماریش پێنج ئەوەندە زیاترە، جگە لەوەش ئەوەی ئەگەرێتەوە نەك هەمووی بەڵکو زۆربەی بۆ مشەخۆرییە، ئەی لێرە چۆن ئەبێت بە وەزیر.

**هاوڵاتی:** هەرەس دوای ساڵانێکی زۆر لە ژیانی تاراوگە بیری لە گەرانەوەی یەکجاری بۆ نیشتیمان نەکردۆتەوە؟

**هەرەس:** بەندە بەعس فجووقی پێکردم، ڕام نەکردایە کوژرابووم، پاش من بە یەك دوو ڕۆژ مامۆستایەك بە ناوەکەی من (محەمەد ڕەشید عەبدالڕەحمان) ئەگرن و تا تێیان ئەگەیێنێت و بەریئەدەن، دوای بەربوونی دوو ڕۆژ ئەژی، بەداخەوە، جێگای بەهەشت بێت، ئەوە بیست دانە ساڵی تەواوە، ئەگینا من لەو خاکە پیرۆزە نەئەبوومەوە، ئەو کاتە مامۆستا بووم لە قوتابخانەی هەردی لە سلێمانی، ئێستا بڕوانامەی دیپلۆمیشم لە بازرگانیدا لە کەنەدا بەدەستهێناوە، تۆ بڵێی ئەگەر داوا بکەم لە لادێیەك ببمەوە بە مامۆستا پێمی ڕەوا ببینن و پێم نەڵێن وەرە ئیمزایکە.